# کراسی نیشانکردن و مارەبڕین لە وەرزی گەرمادا

لە وەرزی هاوینـەدا پرۆسـەی هاوسـەرگیری و مارەبڕیـن زۆر دەبێت، تـا لـە وەرزی پایـز و زسـتاندا هاوسـەرگیرییەکە بچێتـە قۆناغـی گواسـتنەوە، چونکـە پایـز وەك وەرزێکـی گەڵاڕێزان و زسـتانیش ڕۆمانسـێتی پێوە دیـارە، بـەم چەشـنەش هاوسـەرگیرییەکە ناوازەتـر دەبێت، ئەوانـەی لـە وەرزی هاوینـدا مـارە دەکرێن، کـە لـە ڕۆژی مارەبڕیـن و نیشـانکردندا، پێویسـتە کراسـێکی جـوان و سـەرنجڕاکێش هەڵبژێرن، تـا ببێتـە یادگاریـی زەمانـە و لـەو ڕۆژەشدا بـە جوانتریـن بـووك دابنرێت مۆدەکانـی کراسـی مارەبڕیـن لە وەرزی گـەرمـادا، بریتییـن لـەو کراسانەی کە لـە قوماشـی تەنك و ناسکن، کاتێك کراسـی درێـژ لـە قوماشـی تەنـك بێـت، جوانتـر لەسـەر جەسـتە دەوەسـتێت، هەروەهـا ناسـکیی پێـوە دیـار دەبـێ، مـۆدی کراسـەکانی مارکەکانـی JovaniK، Oya London RosarioK دیارتریـن نموونـەن، تـا وەك بووکێـك بتوانیـت یەکێـك لـەو مۆدانـە، یـان هاوشـێوەکانیان بۆ ڕۆژی مارەبڕینت هەڵبژێریت، هەوڵبـدە کراسـەکە بەشـی سـەرەوەی کـراوە بێـت، واتـە شـانەکانی هەندێـك کـراوە و بـە دەرەوە بـن، لـە ناوقەدیـش باریـك و تەسـك بێـت، دواتـر لـە شـێوەی پەڕپـەڕە یـان قاشـی فـراوان بێـت، بـەڵام هێنـدە گـەورە نەبێـت کـە شـێوەی جەسـتە تێـك بـدات، ئـەو ڕەنگانـەی بـۆ وەرزی هاویـن بـاون بریتییـن لـە: شـین، سـەوز، وەنەوشـەیی، سـوور، پیـازی و بێجـی.










# جانتای بچووکی ڕەنگ سپی هەڵبژێرە




لە وەرزی گەرمادا رەنگی سپی بۆ گشت کەرەستە و کەلوپەل و جلەکان باو دەبن، بەهۆی ئەوەی ڕەنگی سپی ڕەنگدانەوی گەرمییە، هەروەها ڕەنگێکە لەگەڵ هەموو شێواز و ستایلێکدا دەگونجێت، جانتای ئافرەتان وەك هاوڕێیەکی نزیك و هەڵگری کەرەستە و کەلوپەلەکان، هەمیشە پێویستە لە ڕەنگ و شێوەیەکی گونجاو بێت، بۆ ئەوەی جانتاکەشت نایاب و سەرنجڕاکێش بێت، هەوڵبدە لە وەرزی گەرمادا جانتای ڕەنگ سپی هەڵبژێریت، کە لەگەڵ ڕەنگی هەموو جلێك شیك دەبێت و، هەروەها وەك کەرەستەیەکی دیار، ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، لە وەرزی هاویندا بەهۆی ئەوەی کەرەستەکانت لە نێو جانتادان، وەك مۆبایل و کەرەستەکانی ماکیاژ، ئەوانەش بە هۆی گەرمییەوە تێك دەچن، بەڵام کاتێك جانتاکەت لە ڕەنگی سپی بێت، لە شێوە و قەبارەی خۆی گەورەتر دەردەکەوێت، بۆیە جانتای بچووکی ڕەنگ سپی هەڵبژێرە.



# کراسی کورت و درێژی بێ سەرشان


مۆدەکانی ئۆف شۆڵدەر، لە جیهاندا لە لوتکەدایە، وەك جلێکی گشتی هەمیشە مۆدێکی نایاب لەخۆ دەگرێت، ئەو جۆرە جلە بۆ گشت شوێنێك دەشێت. ئۆف شۆڵدەر مۆدێکی ناسکە و بریتیین لەو جلانەی کە هەندێکیان بەشی سەرەوەی سەر شانەکانیان کراوەیە، کە ئەوەش بەپێی خواستی ئافرەتان دەوەستێت کە کام مۆدیان بە دڵە، تا هەڵبژێرن، مارکەی (دۆلس ئەند گابانا و مانگۆ و دونداس) لەو جۆرە مۆدەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە، کە زۆربەی کراسەکانیان لەو شێوازە ئامادە کردووە. کراسی ئۆف شۆڵدەر لە بەشی سەرەوە تەسك و لە خوارەوەش فراوان دەبێت، ئەو جۆرەی کە قۆڵی هەیە و لە بەشی سەرەوە فراوانە، بۆ دەرچوون و گەشت و سەردانی دەپۆشرێن، ئەوانەشی بێ قۆڵن، بۆ ئاهەنگ و بۆنەی تایبەت دەپۆشرێن، پێویستە ئەو جۆرە کراسانە سادە بن، بەهۆی ئەوەی شانەکان، یان بەشێکی ملیان بە دەرەوە دەبێت، کە سەرنجی دەورووبەر ڕادەکێشێت، بەم چەشنە پێویستت بە ڕەنگاوڕەنگ، یان نەخش و نیگاری جلەکە نابێت، ئەو جۆرە جلە شیکتر دەبێ لەگەڵ پانتۆڵی ڕەش، یان جینز لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرز، یان نیو بەرز مۆدێکی ناسك و جوانی دەبێت.

# پێڵاوە نووک درێژەکانی سەدەکانی پێشوو


لە سەدەی ١٤دا، ئەوەی پێڵاوەکانی نووک تیژ نەبووایە، وەك کەسێکی نەخوێندەوار، یان هەژار دەناسرا، پێڵاوی نووک تیژ، یان نووك درێژ، مۆدێکی باو بوو لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەت لە وڵاتی بەریتانیا، لە زانکۆی ئەبردین پسپۆرێك بەناوی (جینا دیتمار) تایبەت بە نەخۆشییەکانی کۆن، ئاماژەی بە بوونی وەرەم و گرێ لە زۆربەی قاچ ئەوانەدا کرد لە سەدەکانی پێشوودا ژیاون، هۆکارەکەشی گەڕاندنەوە بۆ پاڵەپەستۆی نووکتیژیی ئەو پێڵاوە لەسەر پەنجەکانی قاچ، کە وادەکات گرێ دروست بکات، ئەوەش دوای لێکۆڵینەوە لە (١٧٧) پەیکەری مردووی سەدەکانی ١١ تا ١٥، بۆیان دەرکەوت کە زۆربەیان گرێ لە پەنچەکانی پێیاندا هەبووە، پێڵاوە نووك درێژەکانی ئەو کاتە درێژییان نزیکەی (٣١) سەنتیمەتر دەبوو، هەروەها پاژنەیەکی بەرزیشی هەبووە، زۆربەشیان لە دار دروست کراون.






# دارستانی شەپۆل لە شێوەی تسۆنامی

دارستەکان زۆربەیان شێوەیان ستانداردە کە ڕوویان بەرەو ئاسمانە، گەڵاکان لە سەرەوە و قەد و ڕەگیشیان لە خوارەوەیە، بەڵام دارستانی شەپۆل لە وڵاتی ئەڵمانیا یەکێکە لە سەیرترین دارستەکانی جیهان، بەهۆی ئەوەی دارەکانی ئەو دارستانە لە شێوەی شەپۆلەکانی دەریا بەرەو ستوونی، یان بەرەو خوارەوە ڕێگەیان گرتووە، ئەو دارستانە دەکەوێتە شاری هامبۆرگ، بۆتە جێگەی سەرنجی پسپۆڕان و ئەندازیارانی کشتوکاڵ کە دارەکان خۆڕسکن و، بەم چەشنە گەشە دەکەن و پێکدێن، بەرزیی هەندێ لەو دارە شەپۆلدارانە دەگەنە زیاتر لە چوار مەتر و، تا ئێستا بە سەیرترین دارستانی شەپۆل لە جیهاندا دەناسرێت، هەندێ لە پسپۆڕان پێیان وایە، هۆکاری بوونی دارەکانی ئەو دارستانە لە شێوەی شەپۆل، بۆ بەهێزیی ڕەشەبای ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە، کە وا لە دارەکان دەکات لە کاتی گەشەدا بەرەو ئاسمان ڕێگەنەگرن و بە ستوونی بڕوێن.





# نمایشی دانس برێک بۆ شێرپەنجە

زۆربەی نمایشەکان کاتێك لە شوێنە گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێن، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکارییە بۆ لایەنێك، یان شوێنێك. سێ گرووپ کە پێکهاتوون لە گرووپی (یەس ئەکادیمی) بۆ بەرەنگار بوونەوەی کانسەر و، ئەندامەکانیشی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانن، کە بەشێکیان لە ئەمریکاوە هاتوون، بەشێکی دیکەشیان لە شارەکانی عێراق لەگەڵ لاوانی کوردستاندا بە هاوکاریی گرووپی کرۆنیکلیزکرێو و کورد دانس، کە گرووپی چالاکن و، لە کۆمەڵە گەنجێك پێکهاتوون، کاریان دانس برێك و ڕاپ و جووڵەی سەیرە، لە شوێنە گشتییەکاندا بە نمایشە سەیرەکانیان سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن، لەو ڕێگەیەوە ئەگەر داهاتێکیان لەلایەن خەڵکەوە پێگەیشت، ئەوانیش بە سەنتەر و نەخۆشخانەکانی شێرپەنچە و کانسەری دەبەخشن، دواجار لە شوێنی گەشتیاریی (گرین ئەلیڤن) لە شاری هەولێر شەوانە بەپێی بەرنامەیەك چەندین نمایشی جۆراوجۆریان پێشکەش بە خەڵك کرد، نمایشەکە لە پێنج کەسی هەر سێ گرووپ بە میوزیکەوە سازکرا، کە هەر یەکە جووڵە و دانسە سەیرەکانیان نمایشی ئامادەبووان دەکرد، ئەندامانی هەر سێ گرووپەکە لە کوڕ و کچ پێکهاتوون، کە چەندین خەون و پلانیان بۆ داهاتوو هەیە.

## فیلم

**ماچی کابینە- The Kissing Booth 3**

یەکێکە لە فیلمەکانی زنجیرە درامای ماچی کابینە، باس لە کچ و کوڕێك دەکات کە ناویان ئێلی و نوایە، کە بەر لەوەی بچنە کۆلێژ، چەندین پلان دادەنێن، کە لە کۆلێژ دەیانەوێت هەمان یاریی دواناوەندی بکەن. فیلمەکە لە دەرهێنانی (ڤینس مارسیلۆی)یە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٤) خولەکە، لە نواندنی (جۆی کینگ و جەیکوت ئیلۆردی، تایلۆر ژاکار و جۆیل ماکارتی)یە.



## کاریکاتێر




کاریکاتێرێکە باس لە کۆتایی هاتنی قەدەغەی هاتوچۆی خەڵك بەهۆی کۆرۆناوە دەکات، کە لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی قەدەغەی هاتووچۆدا هەموو خەڵك دەمامکەکانیان فڕێ دەدەن و ئاهەنگ دەگێڕن.

## نوکتە

- کەسێك هەبوو کە خۆی لە هەموو بابەت و قسەیەك هەڵدەقورتاند، بۆ ئەوەی واز لەو نەریتە بهێنێت، پێی دەڵێن: نیو ملیۆن دینارت پێ دەدەین، تەنیا واز لەو کارەت بهێنە

- ئەویش دەڵێ: باشە وازدەهێنم، بەڵام نیوملیۆنەکەی دیکە بە کێ دەدەن !

## لەمەودوا ئۆتۆمبێلەکان بە دار کار دەکەن



لە وڵاتی ئۆکرانیاوە سەرەتای شۆڕشێکی نوێ لە سووتەمەنی دەرکەوتووە، ئەویش لە جێگەی بەنزین و گازوایل بۆ کارپێکردنی ئۆتۆمبێلەکان دار بەکار دەهێنرێت، بیرۆکەکە لەلایەن ئەندازیارێك بەناوی (یۆجین چێرینگۆڤ) کەتەمەن (٣٦) ساڵە هاتووەتە ئاراوە و، چەندین ئۆتۆمبێلی لە گازەوە کردووە بە دار، کە لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە، شوێنی خستنەناوەوەی داری داناوە و هەر لەوێشەوە دارەکە دەسووتێت و هەڵم و وزەکەی بۆ ناو مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە دەچێت، پاشان دەیکات بە جوولە بۆ بزوێنەرەکان، بەڵام خێراییەکەی زۆر نییە و تەنیا دەتوانێت (٨٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا ببڕێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەگەڵ هاوپیشەکانت هەندێك کێشەت بۆ دروست دەبێت، ڕێگەمەدە توڕەبونت بەسەرتدا زاڵ بێت، کەسانێك هەن لە پشتەوە قسەت دەربارە دەکەن، بیریان لێ مەکەرەوە و لەسەر هەوڵەکانت بەردەوامبە، بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، ڕەنگە بە تەواوی وەرزشکردنت فەرامۆش کردبێت، هەوڵبدە کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەرکەکانت بەباشی جێبەجێ بکە، داهاتووت گەشاوەتر دەبێت، هێندە خۆت لەو ئەرکانە لامەدە کە لەسەر شانتە و دەبێت ئەنجامی بدەیت، بۆ ئەوەی بەسەرتدا کەڵەکە نەبن، ڕەنگە هەندێك گرفت لەنێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوی دابێت، ڕێگەمەدە دووبارە ببێتەوە، لەپێناو بەردەوامبونی پەیوەندیەکەتاندا هەوڵبدە ئارام بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەمیشە بیر لە داهاتوو بکەرەوە، کارێك مەکە پەشیمان بیت، زۆر کارکردن لەلایەنی پیشەییەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیت دەبێت، هەوڵبدە کارەکانت بەتەنیا ئەنجام بدەیت و پشت بەخۆت ببەستە، لەپێناو مانەوەی پەیوەندییەکانتدا بیر لە کۆبونەوەی خێزانەکەت بکەرەوە و، پەیوەندییە خێزانییەکانت پتەوتر بکە .

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیاری دروست بۆ داهاتووت بدە، کاتێك دابنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت کاتێکی خۆش بەسەر ببەن، لە ئێستادا بە تەواوی خۆت بە کەسانی دیکەوە سەرقاڵ کردووە و کارەکانی خۆتت فەرامۆش کردووە، هەوڵبدە هاوسەنگییەك لە نێوان کار و پەیوەندییەکانتا ڕابگرە، بۆ ئەوە کارەکانت بەسەردا کەڵەکە نەبێت، ئەگەرنا پەستانێکی زۆر دەکەوێتە سەرت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ کاتی ئەوەت دەبێت کە تەواوی ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەیت، کە ئەم هەفتەیە بەسەرتدا کەڵەکە بوون، کۆتایی ئەم هەفتەیە بیر لە ئەنجامدانی گەشتێکی کورت بکەرەوە، چونکە ڕەنگە هەفتەی داهاتوو پەستانێکی زۆرت لەسەر شان بێت و، بە تەواوی سەرقاڵ بیت، مافی کەسانی دیکە لەبەرچاو بگرە و کاتی ئەوەیان پێ بدە، کە خۆیان بسەلمێنن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کێشە و لێك تێنەگەیشتنەکانت لەگەڵ خێزانەکەت کاریگەریی نەرێنیی لەسەرت دەبێت، هێندە بەخۆپەرستی بیرمەکەرەوە و بارودۆخی کەسانی دیکەش لەبەرچاو بگرە، چونکە ئەوانیش مافی بیرکردنەوەو بڕیاردانیان هەیە، لەلایەنی پیشەییەوە هەمو شتێك جێگیرە، هەوڵبدە زیاتر پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت بەهێز بکەیت.

# بۆ زانیاریت

**بیتکوین**


کەسێکی سویدی بەناوی (کریستۆفر کوش) لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، هەستا بە کڕینی ٥٠٠٠ بیتکوین بە نرخی تەنیا ٢٧ دۆلار، بەڵام پشتگوێی خستن تا ساڵی ٢٠١٣، ئەو کاتەی نرخی بیتکوین بەرزبوویەوە، ٥٠٠٠ بیتکوینەکە بەرز بووەوە بۆ ٨٨٦٠٠٠ دۆلار. ئەم بەرزبوونەوە خێرایەی بیتکۆین وای لێکرد کە ئەگەری هەبێت ببێتە دراوی داهاتوو، بیتکوین دراوێکی ئەلیکترۆنییە و هیچ بوونێکی فیزیایی نییە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٩ کەوتە بواری ئاڵوگۆڕ لە کڕین و فرۆشتندا، بەڵام سەرەتا زۆر زۆر لاواز و کەم نرخ بوو، چاوەڕوان نەدەکرا بەوشێوەیە گەشە و تەشەنە بکات، بەجۆرێک کە هەندێکیش بە (دراوی داهاتوو) ناوی بەن.





## پەند و وتە

کاتارین بیچەر، خانمە ڕۆشنبیر و پێگەیشتووی ئەمریکی، لە ساڵی ١٨٠٠ لە شاری نیویۆرك لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٧٨ لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کتێبخانەکان دەڵێت: «کتێبخانەکان بریتینین لە جوانکاریی ژیان، بەڵکو پێویستییەکی ژیانن و پێویستە مرۆڤ منداڵەکانی بە کتێب و خوێندنەوە پەروەردە بکات.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین دەنکە قاوەن هەن، بەڵام لە نێویاندا ڕوخسارێك هەیە، هەوڵبدە لە ماوەی کەمتر لەیەك خولەکدا ئەو ڕوخسارە بدۆزیتەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بەهۆی زۆر گرنگیدانت بە کارەکەت بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێیت، بۆیە خاوەنکارەکەت شانازیت پێوە دەکات، ئەم چەند ڕۆژە کەمتر گرنگی بە خۆت دەدەیت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیت دەبێت، پەیوەندیی سۆزداریت زۆرباشە و لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە ئاسودەیی دەکەیت، ئەو پەیوەندییە بپارێزە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایت سەرنجی دەوروبەرەکەت بۆ خۆت ڕابکێشیت، بەڵام شکست دەهێنیت، هەوڵبدە لە ڕێگەی بەکارخستنی تواناکان و سەرکەوتنەکانتەوە سەرنجی کەسانی دیکە ڕابکێشیت، تێکچوونی پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆنت، بەردەوام ئازارت دەدات، هەوڵبدە پەیوەندیەکەتان چاك بکەیتەوە و هاوڕێیەتی دروست بکەنەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دەتەوێت هەندێك پلان دابنێیت و بیر لە ئەنجامدانی پیشەیەکی جیاواز دەکەیتەوە، بەڵام بەردەوام دوایدەخەیت و لە کاتی خۆیدا ئەنجامی نادەیت، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە هەست بە ماندوبون دەکەیت، هەوڵبدە پشوویەك وەربگریت، پاشان بیر لە ئامانجەکانت بکەرەوە، ڕەنگە ئەم چەند ڕۆژە کەمێك ناکۆکی لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوو بدات.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە هەست بە پەستانێکی زۆر دەکەیت و بیر لە ئەنجامدانی پیشەیەکی جیاواز دەکەیتەوە، ئەم چەند ڕۆژە هەست بە دوودڵی و سترێسێکی زۆر دەکەیت، هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتی نیگەرانی کردویت، هەوڵبدە زیاتر ئارام بە و هێندە خۆت نیگەرانی ئەو بارودۆخە مەکە، چونکە کاتییە و دواتر هەست بە ئاسودەیی دەکەیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەوەی ئەم ماوەیە نیگەرانیی زیادکردویت لایەنی ماددییە، پرۆژەی گەورەت بەدەستەوەیە، بەڵام پێویستی بە داهاتی زۆرتر هەیە، پێویست ناکات نیگەران بیت، تەنیا بە کەمێك هەوڵدانی زیاتر دەتوانیت پرۆژەکانت جێبەجێ بکەیت، هەست بە جیاوازیی بیرکردنەوە دەکەیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت، هەڵچونەکانت کۆنترۆڵ بکە و بەزویی توڕە مەبە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

پلانی گەشتێك دابنێ و بیر لە ئەنجامدانی بکەرەوە، لە لایەنی پیشەییەوە هەموو شتێك جێگیرە و لەگەڵ کارەکەت هەست بە ئاسودەیی دەکەیت، وریابە لەوەی کێ لە نزیکی خۆت دەهێڵیتەوە، لەو کەسانەش دوور بکەوەرەوە کە زیانت پێ دەگەیەنن، ئاگاداری کێشی زیادەی جەستەت بە و سیستمی خۆراکیت ڕێکبخە، با تووشی گرفتی تەندوستی نەبیت.